کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
6-12-2007 23:39بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**ددانەکانی سەرۆک و سپیەکانی کامیل ... عەلی مەحمود محەمەد**

www.chak.be

پاش چەندین رۆژ لە بزربوون، ئەمرۆ دەرکەوت، سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەرکردن یان باشتر بڵێین سپی کردنەوە و جوانکردنەوەی ددانەکانی، لەم کاتە ناسکەی نیشتمان و گەلەکەمان پێیدا تێدەپەرێت، سەردانی وڵاتی نەمسای کردووە، ئەگەر ئێمە بمان وتایە دانمان هەموو وا درێژبوونە سەرتاپا بوون بە کەڵبە، دەیان وت حکوومەت ساوایە مانی ددان لە ناو دەمدا زۆر بێمانایە، گرنگ بەرەنگاربوونەوەی تورکیایە، سەیر لەوەدایە حکوومەتی 7 ملیار دۆلار بودجەیی، نەتوانێت یەك دکتۆری دان بۆ سەرۆکەکەی دابین بکات.



بە پێی قۆناغ بێت لە دوای روخانی سەدامەوە، هیچ ساتە وەختێك گەلەکەمان بە قۆناغێکی وا هەستیاردا تێنەپەریووە وەك ئەم چەند رۆژە، هەرەشەی هێرشی تورکیا، تەواو بوونی وادەی جێبەجێکردنی مادەی 140 و ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکووك، هەڵوەشاندنەوەی کۆنتراکتی نەوت، هەموو ئێستا رۆژیانە، سەرۆکەکەشمان بزروە لە ئاستیان کپ و بێدەنگە.

لە کاتێکی وا ناسکدایە، سەرۆك جوانکردن و چارەسەرکردنی ددانەکانی خۆی بە گرنگتر لە پرسە هەنوکەییە زۆر گرنگەکانی کورد دادەنێت، ددانێکی خۆی نەك بە کەرکووك بە هەموو کوردستان ناگۆرێت.

دیارە هەموو سەرکردەو سەرۆکێك مافی خۆیەتی چەند رۆژێك دوور لە چاوی کامیراکان ژیان بەسەر ببات، ددانەکانیشی وەك شیر سپیەوە بکات، وەلێ لە کاتە هەستیارەکان خۆشاردنەوە لە تەنگژەکان بە راکردن لە واقیع دێتە ژماردن، پێشینان وتویانە هەموو کات بەردی گەورە هەڵگرتن نیشانەی شەر نەکردنە، سەرۆکەکەی ئێمەش بەردەوام لە لێدواندا وشەکانی ئاگریان لێدەباریێت، وەلێ لە کاتی پێویستدا، گۆرەپان جێدێلێت و ددانەکانی سەری بۆ هاندەران پێ هەڵدەگرێت، من لێدوانی ئاگراوی بە پراتیککردنی هەرەشەکانم ئێستا لە سەرۆك دەوێت، کە هەموو شتم دۆراند هەرەشەش بە فلسێك.

کامیل ئەو هاووڵاتییە کوردەیە 80% سپیەکانی لە کار کەوتووە، دیارە ئەو نە بە کێشانی جگەرە، یاخود هەڵمژینی حەشیش، یان بە نۆشینی خواردنەوە، وای بەسەر نەهاتووە، بەڵکە قوربانی دەستی چەکی کیمیاوییە، ئەگەر سەریش بکەن بە شێخ وەسانا پلکە فاتمە و کاك عەزیز و زۆر نموونەی کامیل ئاسای دیمان هەیە، سەرۆکێکیش نییە بیر لەوان بکاتەوە، هاندەران تەنها بۆ ددانداراننە، ئاخر هەزاران کوا ددانیان لە ناو دەمدا ماوە، تاکو بۆ چارەسەرکردن بنێردرێن بۆ هاندەران.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.